شانازیە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت

(بارزانی نەمر)

# پارتی دیموکراتی کوردستان

## لقی دوو

## ١١٠

## تۆماری بلۆك

پارتی دیموکراتی کوردستان

KDP

1946

PARTÎYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ

## هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

## ٢٠١٣/٩/ ٢١

پارتی دیموکراتی کوردستان

لقـــی دوو

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢١ / ٩ / ٢٠١٣

## پـــەیـــامـــی لـقـــی دوو بـــۆ هـــەڤـــاڵانـــی بـــلـــۆك

**هەڤاڵانی خۆشەویست**

سلاوێکی گەرم ....

وەك دەزانن هەڵبژاردن پرۆسەیەکی سیاسی و دیموکراتی زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی نەخشەی سیاسی و حوکمرانی لە کوردستاندا .پارتیمان بە هەموو توانایەکی کاردەکات بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بە باشترین و جوانترین شێواز ، هەروەها کار دەکات بۆ زامنکردنی زۆرترین رێژە ی بەشداریکردن ، دواتریش زۆرترین دەنگ بـۆ لیستی پارتیمان ژمارە ( ١١٠ ) بێت .بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پرۆسەو ئیش و کار ئەنجام دەدرێن ، بەڵام لە هەمووی گرنگتر سەردانی یەکە بە یەکەی (ماڵەکانە ) بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە شێوەیەکی راستەو خۆ داوا یان لێ بکرێت بەشداری دەنگدان بکەن و دەنگ بدەن بەلیستی پارتیمان . ئەمەش دەبێت بە رێگەی رێکخستنێکی گونجاو کەسانی شیاو وجێگای متمانە ئەنجام بدرێت و پەیامی پارتیمان بگەیەندرێتە سەرجەم خەڵك . هەربۆیە هەولێری پایتەخت کە سنوری لقە کەمانە دابەشکراوە بۆ چەندین بلۆك کە هەر بلۆکێك ( ٥٠ ــ ٢٠٠ ) ماڵە و بۆ هەر بلۆکێك تیمێکی سەرپەرشتی دانراوە کە ئێوەی بەرێزو خۆشەویستن هیوادارین کە ئەم ئەرکە گرینگ و هەستیارە لە لایەن ئێوەی خۆشەویست کە جێگای متمانەی پارتیمانن ، بە باشترین شێوە ئەنجام بدرێت و لە ماوەی داهاتوودا تەواوی کاتەکانی خۆتانی بۆ تەرخان بکەن . ئەنجامدانی کارەکانی بلۆك بە دروستی و رێك و پێکی هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتنی پارتیمان لە هەڵبژاردن .

هەر شادو سەرفرازو سەرکەوتووبن و چاوەڕووانی هیمەتتانین .

ئیتر بۆ پێشەوە .....

پارتی دیموکراتی کوردستان

لقـــــــی دوو

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ۲۱ / ۹ / ۲۰۱۳

### ( ڕێنمایی گشتی بۆ کاری تیمی بلۆك )

**هەڤاڵانی خۆشەویست .....**

تکایە زۆر گرینگی بدەن بە کاری بلۆکەکان و شێوازی تۆمارکردنی زانیارییەکانی یەکە یەکەی ماڵەکانی سنووری بلۆکەکەتان . کاری تیمی بلۆك بە سێ قۆناغ دەبێت:

### قۆناغی یەکەم: لە ماوەی هەفتەی یەکەم لە کارەکانی دەبێت کە ئەم کارانەی خوارەوەیە:

١- دڵنیا بوونەوە لە زانیارییەکانی سەرجەم ماڵەکان و خێزانەکان.

٢- سەردانیکردنی سەرجەم ماڵەکانی سنووری بلۆك، (تەنها ئەوانە نەبێت کەوا کادیری پێشکەوتوو زەقی لایەنەکانی ترن).

٣- باشتر وایە پێش سەردانیکردنی ماڵەکان، بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوە بکەن، بۆ دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ سەردانیکردنەکە.

٤- هەوڵبدەن کاتی سەردانەکانتان کورت بێت و لەگەڵ سەرۆکی خێزانەکان قسە بکەن.

٥- پرکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە هەر خێزانێك بە ووردی.

٦- ئەگەری ئەوە هەیە لە کاتی سەردانیکردنی هەندێك ماڵ ، ڕووبەڕووی حاڵەتێکی نەخوازیارو ناخۆش ببنەوە. دەبێت زۆر بە ئاسایی و سینگ فراوانی و بەوپەری هێمنی مامەڵە بکەن.

٧- گرنگترین تێبینیەکانت تۆمار بکە، تایبەت بەو خێزانانەی کە پێویست دەکات لە ڕێگەی ناوچە و لقەوە پەیوەندییان پێوە بکرێت.

٨- سەبارەت بەو خێزانانەی کە لە سنووری خۆیان دەنگ نادەن، یاخود نەخۆش و پەککەوتەیان هەیە، تێبینی تۆمار بکەن و ئاگاداری ڕێکخراو و ناوچە بکەنەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دەنگدان ئاسانکاری گواستنەوەیان بۆ بکرێت بۆ دەنگدان.

## قۆناغی دووەم: (تاوەکو ئێوارەی رۆژی پێش هەڵبژاردن بەردەوام دەبێت):

١- زۆر گرینگە لەم ماوەیەدا زیاتر لە جارێك سەردانی یەکە یەکەی ماڵەکان بکرێت و دوواتریش پەیوەندی تەلەفۆنیان پێوە بکرێت.

٢- زۆر بە روونی پەیامی پارتیمان بگەیەنن و داوایان لێبکەن کە بەشداری دەنگدان بکەن. وەك ماف و ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینیش. هەروەها دەنگ بدەن بە لیستی پارتیمان ژمارە (١١٠)، دواتر یەك کاندیدی دیاریکراو هەڵبژێرن.

٣- هەرچی پەیام و بلاٌوکراوەی پارتیمان هەبووو، بە شێوەیەکی رێك و پێك بگەیندرێتە ماڵەکان و تەسلیمی دەستی یەکێك لە خانەوادەکەیان بکرێت، ( باشتر وایە بدرێتە دەستی سەرۆکی خێزان).

٤- سەرجەم تێبینیەکانی خۆتان لە دوای سەردان و پەیوەندیەکانەوە تۆمار بکەن ، زۆر گرنگە بزانن کە چەندیان دەچن بۆ هەلبژاردن و دەنگ بە لیستی پارتی دەدەن.

٥- هەر تێبینیەك و زانیارییەکی گرنگ هەبوو، رێکخراو و ناوچەی لێ ئاگادار بکەنەوە.

٦- هەوڵبدەن لە کاتی سەردان ، ئەندامانی تیمی بلۆك بەشدار بن ، و کارەکانی هەر ئەندامێك دیاریبکرێت.

## قۆناغی سێیەم: ( رۆژی دەنگدان ٢١/ ٩/ ٢٠١٣):

هەڤالان ... کاری بلۆك لە رۆژی دەنگدان کاریگەریەکی زۆری هەیە ، بۆ زیاتر کردنی رێژەی دەنگی پارتیمان و فاکتەرێکی بەهێزە بۆ سەرکەوتنی کاری بلۆك و پارتیمان بەگشتی . ئەمەش گرینگترین کارەکانە :

١ لەم رۆژەدا دەبێت کاری تیمی بلۆك دووبارە و چەند بارە تاکید کردنەوە بێت، لەو خێزانانەی کە ئەندام و دۆست و لایەنگران و دەنگی پارتیمانن ، بە خۆیان و سەرجەم دەنگدەرانی ئەندامانی خێزانەکەی بچنە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگ بدەن بە لیستی پارتی و یەك کاندیدی دیاریکراو .

٢ تاوەکو ئەم خێزانانە دەچنە دەنگدان و بە شێوازێکی جۆراو جۆر و لە کاتی جیاواز پەیوەندییان پێوە بکەن و هانیان بدەن ، وەبیریان بهێننەوە کە لیستی پارتیمان ژمارە ١١٠ هەڵبژێرن.

٣- لە کۆتاییدا هەوڵ بدەن بزانن، ئایا هیچ خێزانێك ماوە لە سنووری بلۆکەکەتان نەچووبێتە دەنگدان (تەنها گرینگی بەوانە بدەن دەنگی پارتیمانن).

بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووومان و چاوەڕووانی هیمەتتانین ..

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**لقـــــی دوو**

## هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢١ / ٩ / ٢٠١٣

### زانیاری گشتی لەسەر کۆی ماڵەکانی سنوری بلۆك

- **ژمارەی بلۆك** : ..............................
- **ژمارەی ماڵ ( خانوو )** : ............................
- **ژمارەی خێزان** : ............................
- **ژمارەی دەنگدەران** : ............................
- **ژمارەی دەنگی پارتی** : ..............................

**تێبینی گشتی : -**